دەزگای هەواڵگری عێراق تاوانبار و پلاندانەری سەرکی دزینی یەک ملیار دیناری دەستگیرکرد

دەزگای هەواڵگری عێراق تاوانبار و پلاندانەری سەرکی ئەو دزییە چەکداریی دەستگیرکرد کە پارێزگای موسڵنای هەژاند کە تێیدا ملیارێک دینار لە ماڵی هاوڵاتییەک دزرا.

ئاژانسەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کە توانیویانە گومانلێکراوی سەرکی و پلاندانەری دزییە چەکداریەکە لەگەڵ یەکێک لە تەمەتبارەکان لە بەغدا دەستگیربکەن کە ملیارێک دیناری عێراقی لە ماڵێک لە پارێزگاری موسڵنای باشوری عێراق دزیوە.

لە بەیاننامەکەدا دەستبەسەرداگرتنی بڕی 80 هەزار دۆلاری ئەمریکی پشتڕاستکراوەتەوە لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی Class-G کە لەلایەن تەمەتبارەکەوە کەدراوە، لە کاتێکدا تەمەتبارێکی دیکە بە 50 هەزار دۆلاری ئەمریکی و ئۆتۆمبێلێکی ڕەنج ڕۆڤەر دەستگیرکراوە.